Democratic Party of Iranian Kurdistan
Finland Committee

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی فینلاند

*for a better future*

*بۆ دوارۆژێکی گەشتر*

## "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەدانی رێگایانە"
## دکتۆر قاسملو

### با خوێنی رێبەرانی شەهیدمان ببێتە مەشخەڵی خەباتمان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتیمان

**بانگەشە بۆ رێپێوان لە ساڵرۆژی تیرۆری ناجوانمێرانەی دکتۆر قاسملو**
شازدەساڵ لەمەوبەر لە رۆژی 13ی ژوئیەی 1989دا، تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەیەکی ناجوانمێرانە دکتۆر عبدالرحمان قاسملو رێبەری بلیمەت و زانای گەلی کورد و سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ کاک عبدولا قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب و بەرێزفازڵ رەسولی یان لە ڤیەن پایتەختی ئوتریش تیرۆر کرد. دەوڵەتی ئوتریش (نەمسا) بە هۆی سات وسەودای بازرگانیەوە نەتەنیا ترۆریستەکان و بکوژانی قاسملۆیان نەگرت و دادگایی نەکرد، بەڵکوو بە ناردنی ئەوان بۆ ئێران بە کردەوە دەستخۆشی لەو کردەوە مرۆڤکوژیە کرد و بوو بە هاندەری کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی تیرۆری رێبەرانی ئێمە و ئوپۆزیسیۆنی ئێرانی. لە ئەنجامدا زیاتر لە 70 کەس لە ئەندامانی رێکخراوە ئوپۆزیسیۆنەکان تەنیا لە وڵاتانی ئەنجوومەنی ئوروپا بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کران، کە لەوانە دەتوانین بە تیرۆری ناجوانمێرانەی رێبەری شەهیدمان دکتۆر سادق شەرفکەندی سکرتێری حیزبەکەمان و کاک فەتاح عەبدولی و کاک هومایون ئەردەڵان لە 17.9.1992 لە ئاڵمانیا ئاماژە پێ بکەین.

ئێستا دوای 16 ساڵ لەو تیرۆرە ناجوانمێرانەیە یەکێک لە بەرێوەرانی ئەو تیرۆرە **"مەحموود ئەحمەدی نژاد"** بۆتە شەشەمین سەرۆکۆماری رژێمی مەلاکان و بەو شێوەیە دەورانێکی رەشی دیکە لە ئێراندا خەریکە بەهێز دەبێ.

بە بۆنەی شازدەهەمین ساڵرۆژی ئەو کارەساتە و بۆ شەرمەزارکردنی کردەوەی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەحکووم کردنی سیاسەتی قازانجپەروەرانەی دەوڵەتی ئوتریش، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند رێپێوانێک رۆژی چوارشەممە 13.7.2005 بۆ بەردەرگای سەفارەتی نەمسا رێک دەخا.

رێپێوانەکە لە کاتژمێر 1.30ی دوانیوەرۆ لە بەردەرگای وێستگەی شەمەندەفەر RAUTATIETNTORI ی شاری هێلسینکی دەست پێدەکات و بۆ کاتژمێر دووی دوانیوەرۆ لە بەردەرگای سەفارەتی ئوتریش کۆبوونەوە دەکرێ.

P.O.Box 76, 00131 Helsinki – Finland
Tel: 00358 (0)414984503, Fax: 0017816230744
www.pdk-iran.org, www.kurdistanmedia.com, www.pdki.org
Email: pdki_finland@yahoo.com

داوامان لە هەموو کوردستانیەکان و هاونیشتیمانان و ئازادیخوازانی جیهان ئەوەیە بەشداری ئەو بۆنەیە بکەن و بە یەکگرتنی ریزەکانیان ویستی خەڵکی کورد بۆ جێ بەجێ کردنی داواکانی خوارەوە رابگەیەنن:

- کردنەوەی دۆسیە(پەروەندە)ی یاسایی ئەو کردەوە تیرۆریستیە و دادگاکردنی داڕێژەران و بەرێوەبەرانی ئەو جینایەتە
- داوا لە دەولەتی ئوتریش دەکەین، کە لە بەرانبەر ویژدانی مرۆڤایەتی و بۆ رێزگرتن لە بنەماکانی "ئەخلاقی ئاورۆپی" ئەرکی مێژوویی خۆی لەو پێوەندیەدا بەجێ بگەیەنێ.
- قەرەبوو کردنەوەی زیان و خەساری بنەماڵەی شەهیدان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
-

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – کۆمیتەی فینلاند

ژمارە تەلەفۆن بۆ زانیاری زیاتر:

شەهین بەهمەن سوڵتانی 032617189، کەریم حەبیبی:0417009865 ، مەجید حەقی:0414984503، فازڵ گوڵجانپوور 0409618070، ئەفشین وەیسی:0407736739، خەلیل عەلیزادە:0407462588قادر قادری: 0442595596
ئەبووبەکر قادری 0414665461، حەسرەت خالدی 0407709803، جەلال سوبحانی 0407060148 فازڵ محەمەدفەر 0409133515

P.O.Box 76, 00131 Helsinki – Finland
Tel: 00358 (0)414984503, Fax: 0017816230744
www.pdk-iran.org, www.kurdistanmedia.com, www.pdki.org
Email: pdki_finland@yahoo.com